
# ڕەنج سەنگاوی: لەشیعرەکانمدا خۆم خۆم نوسیوەتەوە، شیعر بە هەموو وردەکاریەکانەوە تەعبیرە لە سایکۆلۆژیەتی خۆم، لە بینینی دنیا لەلایەن منەوە بەدیوێکی زاتی



■ **سازدانی: کەمال چۆمانی**

**ڕەنج سەنگاوی ناوێکی گەنجە پڕ بە قوڵایی هەستێکی ڕۆمانتیکییەوە لە جیهانێکی سادەوە ئەمانباتە نێو جیهانێکی لێوانلێو لە جوانی و عەشق، بۆ خۆی عاشقێکە، تێکستەکانی بەپێ ی قسەی زۆر لە ڕەخنەگران چاوەڕێ ی داهێنانی گەورەی لێدەکرێت، ئەو دەنگە گەنجەی زۆربەمان حەز بە بیستنی ناوو کارە جوانەکانی دەکەین هەڵگۆرد بەپێویستی زانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازبکات.**

**هەڵگۆرد: هەست دەکەین سەرەڕای سادەیی وشەکانت ناسکیەکی زۆر بە شیعرەکانتەوە دیارە بۆ؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** سەرەتا خۆشحاڵم، من نازانم هەستم ناسکە یان نا، بەڵام ئەو ستایلەی من پێی دەنوسم، بەشێکە لە شیعری ڕۆمانتیکی، شیعری ڕۆمانتیکیش خۆی ناسکە، زۆر هەست و سۆزو هەڵچوونە زاتیەکان تیایا ئامادەیی هەیە، ڕەنگە ئەم حاڵەتە پەیوەست بێت بەوەوە.

**هەڵگۆرد: ئەو ناسکیەی تۆ لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، تۆ پێت وایە ئەو هەست ناسکیەت لەپەروەردەی خێزانەکەتەوە سەرچاوەی گرتووە کاریگەرییە سایکۆلۆجییەکانی پەروەردەی خێزانە بەسەرتەوە ماوە؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** پێم وایە پێکهاتەیی پەروەردەی خێزانی زۆربەمان لەیەك ئەچێت، خێزانی کوردی بەهیچ جۆرێك بەم شێوەیە نمونەییە مرۆڤ پەروەردەناکەن کە حساب بۆهەست و سۆزو و بۆ ئایندەیان بکرێت، بەڵام ڕەنگە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە تەرکیبەی تاکەکانەوە هەبێت، بەشێکی زۆری پەیوەندی ئەو مەجالەبێت کاتێك کە ووشیار ئەبێتەوە، کاتێك کە لەتەمەنی دیاری کراو ئیهتمامی بۆ مەجالەکان زیاد دەکات، ڕەنگە هەندێ جار کاریگەری دەوروبەربێت بەڵام وەکو ئەوەی کە خێزانی کوردی کەسێك بە موعەیەنی پەروەردە بکات بۆئەوەی جۆرێك لەسروشتی تایبەتی تیادا دروست بکات، بەبۆچوونی من باوەڕناکەم ئەو پەیوەندی بەم حاڵەتەوە هەبێت چونکە ئەسڵەن خێزانی شەرقی بۆخۆی موئەسەسەیەکی وانییە.

**هەڵگۆرد: زۆربەی شاعیران چ ئەوانەی ئەمڕۆ چ ئەوانەی کلاسیك بە ووشەی بریقەدار سەرنجمان ڕادەکێشن بەڵام لە شیعرەکانی تۆ بەپێچەوانەوەیە بە ووشەی زۆر سادە دنیایەك ناسکیو جوانیمان پێدەبەخشی؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** زۆر سوپاست دەکەم، هیوادارم بەقەد ئەو وەسفانەی تۆبن ئەو دەقانەی من نوسیومن، شیعر لای من پڕۆسەیەکی فەردی ئەبستراکتە واتا هونەرێکی زۆر زۆر زاتیە، بەتایبەتی ستایلی شیعری ڕۆمانتیکی بەم جۆرەیە، من بەر لە هەموو شتێك بەر لەوەی کە بیر لە خوێنەر بکەمەوە تاکو دانیشم ووشەی باق و بریقەی بۆ ڕیز بکەم، خۆم نوسیوەتەوە، ئیتر بە هەموو وردەکاریەکانەوە تەعبیرە لە سایکۆلۆژیەتی خۆم، تەعبیرە لە بینینی دنیا لەلایەن منەوە بەدیوێکی زاتی.

**هەڵگۆرد: هەرچەندە پرسیارێکی تەقلیدییەبەڵام تۆ لەکوێوە حەقیقەتەکانی شیعر ئەدۆزییەوە؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** من نازانم لەکوێ حەقیقەتەکانی شیعر دەدۆزمەوە، بەڵام بەڕای من شیعر بەرلەوەی پڕۆسسێکی عەقڵانی بێت بەلای من هەڵچونێکی زاتیە.

**هەڵگۆرد: بەختیار عەلی دەڵێت(گەورەترین تۆڵە لە ناهەقیەکانی دونیا ئەوەیە مرۆڤ شاعیر بێت) تۆ قەت وات هەست کردووە بۆ ئەوەی لە ناحەقییەکی دونیا ببەخشی ببی بە شاعیر؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** من پێم وایە هەر هانابردن بۆ شیعر تەمەڕود کردنە لە حەقیقەتە تاڵەکانی ژیان، نارازی بوونە بە زمانی مەئلوم، وەکو داهێنانە کۆمەڵایەتیەکە، وەکو ئەو عەقدە ئیجتیماعیەی کە لەسەری ڕێککەوتووین، نارازی بوونە بە فەزای ژیان، ئینتاج کردنی دنیایەکی ترە بۆ ژیان، بۆبیرکردنەوە، دۆزینەوەی زمانێکی ترە بۆ دەربڕین، دروستکردنی ماڵێکی جوانە بۆ حەوانەوەو بۆ مووماڕەسەکردنی تەنیایی.

**هەڵگۆرد: کاك ڕەنج وادیارە تۆ ستایلێکی تایبەتت گرتووە لە نوسینی تێکستە شیعرییەکان ئەکرێت بڵێین ئەوەی تۆ کردوتە داهێنانە لە شیعری کوردی؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** ئەمە بەجێ بێڵە بۆ ڕەخنەگرەکان، من خۆم پێم وایە لە هەنگاوی سەرەتای نوسینام، ڕەنگە ئەمانەی من ئەینوسم جگە لە هەڵچوونێکی زاتی زیاتر هیچی ترنەبێت، ڕەنگە هەندێك کەس پێیان وابێت دەقی گەورەن، ڕەنگە لای هەندێك کەسیش ئەمانە قسەی بەتاڵ بن و وڕێنەی تەنیایەکانی ئینسان بن، لەبەرئەوە من مەخەرە بەردەم پرسیارێك کە خۆم ئەودەقانەی ئەیان نوسم هەرخۆیشم هەڵیان بسەنگێنم، پێویستە ئەم پرسیارە لەکەسێك بکەیت کە ئیختساسی ڕەخنەگرتنە چونکە ئەمڕۆ کەسێك کە موماڕەسەی نوسین نەکا ناتوانێ لەهەمان کاتدا ڕەخنەگریش بێت، چونکە ئەمڕۆ دنیای پڕۆفیشناڵیەتە، هەموو بوارەکان جیا بوونەتەوەو هەرکەسەو ئیختساسی خۆی هەیە، ڕەنگە لە نێو ڕەخنەشا ئێستا لق و پۆپی زۆر جیابووبێتەوە لەبەر ئەوە من ناتوانم لەیەك کاتدا بنوسم و هەڵسەنگێنەریش بم، من ئەوەندە دەزانم بنوسم و هەندێ جار پێویستم بەوەیە بنوسم، ئیتر بەردەوام ئەبم لەسەری، دەقەکانم دەقی ئیبداعین یاخود دەقی مردوو من ئەمانە نازانم.

**هەڵگۆرد: زۆر گەنجی تازە شیعر دەنوسن ئەو شیعرانەش وەك زۆر لە ڕەخنەگران دەڵێن "شیعری مردوون یان شیعری کپن" تۆ پێتوایە فەوزایەك لە نێو شیعری کوردی دروست بووە؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** من بەو چاوەی سەرنجەوە نەمڕوانیوەتە ناو فەزای ئەدەبی کوردی، تاکو بزانم ئایا فەوزایە ئەم فەزایە یان لە حاڵەتی خۆدۆزینەوە ئەچێ، بەس ئەوەندە ئەزانم هەندێجار نەفەسی جوان لەنێو شاعیرە گەنجەکاندا ئەبینم، ڕەنگە من خۆم هەر یەکێك بم لەوان، کە هەندێ لە شاعیرە کۆنەکان بە ئومێدو چاوەڕوانی بۆ ئایندەی من ئەڕوانن، هەندێکیان پێیان وایە ئەمە هەڵچونێکی زاتی موجەڕەدەو ڕەنگە لەدواجارە بپوکێمەوەو هیچی تر نەنوسم، من خۆیشم یەکێکم لەودەنگانە، لەبەرئەوەی نەتەجروبە نە ئەزموونم لەوان زیاترنییە، تاوەکو بتوانم دنیای ئەوان هەڵبسەنگێنم.

**هەڵگۆرد: دوا کارت لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر کردت، ئەکرێت بزانین بیرۆکەی ئەو کارە بەو جۆرە پرۆفێشناڵە چۆن سەریهەڵدا وابزانم کارێکی تازەیە لە نێو ئەدەبی کوردی؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** ئەمە کارێکی تازە نییە من کردبێتم، ئەسڵەن لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەم جۆرە کارە نوێ نییە، پرۆفیشاڵێتیەکەی کارەکەم تایبەتەبەوەی ئەو کەسانەی من ئیشم لەگەڵدا کردوون، کۆمەڵێك ئەو کەسە ئەکادیمیە مۆسیقارانەبوون لەبەر ئەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئیشەکە، بۆنمونە هونەرمەندێکی وەکو هەڵکەوت زاهیر بەش بەحاڵی خۆی ڕازی نابێت کارێکی خراپ بکات لەڕووی موزیکییەوە، ئەم سیدیە بیرۆکەکە هی من و هەڵکەوت زاهیر بوو، دانانی مۆسیقاکەی هی کاك هەڵکەوت زاهیربوو، ژەنیارەکان کۆمەڵێك مۆسیقاری ئێرانین و پێم وابێت ئەندامی جەلسەی ئۆرکسترای تارانن، بیرۆکەکە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە داواکاری بازاڕەوە هەبوو کە ئەم سێدیەم کرد، کە ئەڵێم داواکاری بازاڕ واتا داواکاریەکی زۆر لەسەر بەرهەمەکەم هەبوو، منیش لەم ڕوانگەیەوە هەڵسام بە ئەنجامدانی ئەم کارەوە.

**هەڵگۆرد: بمانبوورە کە کاتمان زۆر گرتی و داواکارییەکی گەنجانی ئێرەش ئەوەیە کە کۆڕێك بۆ جەنابت ڕێکبخەیین تا چەند ئامادەییت تێدایە؟**

**ڕەنج سەنگاوی:** سڵاوم هەیە بۆ گەنجانی چۆمان و هەموو ئەوانەی چاوەڕوانی منن، ئینشاالله دەرفەتێك دروست ببێت نازانم بەم نزیکانە یان درەنگتر، بەڵام بە تەئکید سەردانیان دەکەم.



ئەم وێنەیە گەورە شۆڕشگێری ئینتەرناسیۆناڵ چێ گیڤاڕایە، چێ گیڤاڕای شۆڕشگێر دکتۆر بوو بەڵام نەیدەویست کاری دکتۆری بکات چونکە دەیوت "نامەوێت دەوڵەمەند بم، کاری دکتۆریش دەوڵەمەندم دەکات" ئەم وێنەیە کە دوای شۆڕشی کوبا گیراوە، چێ گیڤارای مەزن لەگەڵ پۆلێك خەڵکی کوبا دەردەکەوێت کە پێشنیاری بۆ کردوون لە ڕۆژی شەممەدا خۆبەخشانە کاربکەن بۆ بنیاتنانەوەی زیاتری ژێرخانی ئابوری وولاتیان، دەردەکەوێت چەندە خاکیانە لەگەڵ خەڵکەکە ئیش دەکات، هەر بۆیەشە ناوی چێ گیڤاڕا وەك پیرۆزیەکی لێهاتووە لە هەموو ئەمریکای لاتین و جیهانیش، هەر ئەو خاکی و دڵسۆزی و راستگییەی گیڤاڕایە وای کردووە منالانی کوبا لە قوتابخانەکانیان هەموو ڕۆژێك ئەو ووتەیە بڵێنەوە "هەموومان دەبین بە گیڤاڕا" ئێمەی کوردیش لە هەر ڕۆژێك زیاتر ئەمڕۆ پێویستیمان بەو جۆرە سەرکردانەیە، بەڵام ئایا ئەو سەرکردانە بوونییان هەیە؟؟